# سێو لە نێوان ڕەنگ و وشەی (پۆڵ سیزان و هیوا قادر)دا

نوخشە عەبدول

سێو فیگۆرێکی هەمیشەیی داهێنراوە خەیاڵیەکانی مرۆڤایەتییە، لە زۆر شوێن بە فۆرم و گوزارشتی جیاوازەوە دەردەکەوێت، بە ئاسانی دەبێتە بابەتی تێکستەکان و دەتوانێت لە هونەردا جێی خۆی بکاتەوە و هێشتا نەبۆتە ئۆبژەیەك بێزاربین لە بیستنی حیکایەتەکانی و مەیلی تەماشاکردنی پیشاندانەکانیمان نەبێت. سروشت سحرێکی تایبەتی بەخشیوەتە سێو و زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین: شێوە ئاساییەکەی خۆی تێپەڕاندووە و بەجۆرێکی تر خۆی بەیان دەکات، کە وەك بابەت و فۆرم لە ئەدەب و هونەردا خۆی دەسەپێنێت، ئەمەش وایکردوە ببێتە خاوەنی چیرۆکی جیاواز.

ئاستەمە بتوانین سەرجەم ئەو نوسراو و وێنانە کۆبکەینەوە کە پیشاندان و گوزارشتی ئەو فیگۆرەیە، چونکە هەر لە سەرەتای بوونەوە ئامادەیی هەیە بە ( ئەفسانەی ئادەم و حەوا دەست پێدەکات تا ئیستا)، بۆ خۆلادان لە پەرتی وبزرنەبوون لە ناو ئەو ژمارە زۆرەی گوزارشت و حیکایەتەکاندا، هەوڵدەدەین تەنها گێڕانەوە و باسکردنی تابلۆکانی (still life)[✤] پول سیزان و قەسیدەی (سێوی سوری) هیوا قادر وەربگرین. ئەوەی هانماندەدات بۆ کۆکردنەوەی (پول سیزان و هیواقادر) تەنها پەیوەندی بە خەیاڵی ئێمەوە هەیە وەك خوێنەر و بینەری هەریەك لەو بەرهەمانە، چونکە هەرکات تابلۆکانی سیزانمان هاتبێتە بەر چاو ڕاستەوخۆ قەسیدەی سێوی سور لە زەینماندا ئامادەیی هەبووە. ناکرێت بینەری (still life)ی پۆلسیزان بیت و نەگەرێیتەوە سەر ئەو نەسلە لە شاعیرانی ئێمە کە سروش بۆتە سەرچاوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانیان. ئەگەر بینەری کارەکانی سیزان بیت زیاتر هەست بەو نزیکییە دەکەیت، وێنە شیعریەکان و تابلۆکان وەك وەگێڕی یەك بابەت دەبینیت و، هەموو جیاوازیەکانی ئەو دوو ژانرە ناتوانن زالبن بەسەر ئەو گرێدانەی لە خەیاڵتدا دروست دەبێت، بە چەشنێك لە یەك کاتدا دوو وێنەت لە بەردەمدایە یەکێکیان ڕەنگ و ئەویتریان وشە خولڤاندویەتی، هەریەکەیان قسەی خۆی هەیە جیاواز لەوی تر، بۆیە ئێمە لێرەدا نامانەوێت بەراوردی بەرهەمەکان بکەین، تەنها مەبەستمان کۆکردنەوەی بابەتیانەی فیگۆری سێوە لە دوو ژانری جیاوازەوە.

هەرچەندە بنەمای ئەو دوو ژانرە جیاوازبێت، بەڵام بە بابەتبوونی سێو لە هەریەکیاندا یارمەتیمان دەدات باس لە چۆنیەتی گوزارشتکردنی هەریەکەیان بکەین. وەك ئاماژەمان پێدا چ لە وێنەکێشاندا چ لە شیعردا پێش ئەمانیش سێو بۆتە بابەت و، قسەش لە سەر ئەوە نییە باسکردنی ئەم دووانە بریتییە لە باشترین، بەڵکو تەنها ئەوەندەیە لای هەریەك لە (پول سیزان و هیوا قادر) ڕاڤەیەکی جیاواز وتایبەت دەبینین، کە گوزارشتە لە خودی فیگورەکە و، واقعیانە تر وێنایان کردووە بە وەرگەڕان لە ئایدیای کلاسیکی و پێدانی

ئایدیای مۆدێرنە. سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان سەر بە قۆناغێکی نوێن لە هونەر و ئەدەبدا ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ڕاڤەکەی ئێمە.

لە ئایدیای کلاسیکدا چ لە هونەر چ لە ئەدەبدا سێو وەك سیمبول و میتافۆر بەکارهێنراوە و، فیگۆرێکە خودی خۆی نەبووە و لەبری شتێکی تر بەکار هاتووە، چونکە توانای کۆکردنەوەی جوانی هەیە بەتایبەت لە فۆرم و ڕەنگیدا. بۆ نمونە لە هونەری مەسیحیدا لە زۆر تابلۆدا بەدەست مەسیحەوەیە ئەمەش هێمای ڕزگارییە، جگەلەوەی لە زۆر شوێنی تردا دەبێتە ئاماژە بۆ جوانی ژن[1]. لە ئەدەبی کلاسیکیشدا سێو میتافۆریکە بۆ (سینە، ڕومەت، ڕوخسار و زۆرجاریش چەناگە)[2]، هەروەها هەندێك ئەفسانەو گێڕانەوەش لە کەلتوری میللەتە جیاوازەکاندا هەن سێو بە هێمای دەرکردن و شومی و مەرگ دەزانن. بەڵام مۆدێرنە شتێکی تری بەخشییە سێو، هەرچەندە ناتوانین بڵێین ئایدیای مۆدێرنە بە تەواوی دەسبەرداری ئایدیا کلاسیکی بووەو ڕەتی کردۆتەوە، بەڵام لە ئایدیای مۆدێرنەدا هەر فیگۆرێك ئەو توانایەی پێ بەخشرا کە خۆی بەیان بکات، هەروەها سێو لەم سەردەمەدا دەبێتە خاوەنی میتافۆری جیاواز، تەنها هێما نییە بۆ یەك شت یاخود بۆ یەك مەبەست بەکار ناهێنرێت وەك بەشێك لە سروشت و بەشدار لە پێکهێنانی بووندا سەیردەکرێت، دەبێتە فیگۆرێکی فرە خەسڵەت دەتوانێت هەڵگری هەموو تایبەتمەندیەکانی مێژوی خۆی بێت ئەمەش لە دیدە کلاسیکیەکەی جیادەکاتەوە و لەو چەقبەستنە ڕزگاری دەکات کە کلاسیك پێی بەخشیوە، لە هونەر و ئەدەبدا ئەمە باشتر دەردەکەوێت.

بەو پێیەی سیزان پیشەنگی هونەری پۆست ڕەنگدانەوەگەری(پۆست ئیمپریسیۆنیسم)ە لەم هونەرەشدا ئەوەی گرنگە واتای جەوهەری شتەکانە، پێویستە واتای تەواوی ئەو ڕاستییەی بۆی دەگەرێت بەرجەستەی بکات[3]، دەرکەوتنی هەر فیگۆرێك بە تەواوتی گوزارشتە لە خودی فیگۆرەکە و لە سیمبولێتی ڕزگار دەبێتن هەر ئەمەشە وامان لێدەکات پیشاندانەکانی سیزان بۆ سێو بە ڕاڤەیەکی جیاواز بزانین. هەروەها هیوا قادر یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەدەبیاتی نوێی ئێمە کە بە شێوەیەکی جیاواز دەرکەوتون و توانیویانە لە ڕێگەی شیعرەوە ئەو ڕاڤە نوێیە بێننە ناو ئەدەب، لای هیوا قادر تەواوی ئایدیاکان بۆ سێو جێگەیان بۆتەوە لە شیعرەکاندا فیگەری سێو جگەلەوەی وەك خۆی دەردەکەوێت و لە ڕوانگەیەکی بەرزەوە بۆیی دەڕوانێت[4] و سیفەتی باڵای پێدەبەخشێت.

(still life) لای سیزان گوزارشتە لە سروشت و بەشی زۆری سروشتمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام لە ناویاندا سێو دەبێتە سەنتەر. هەروەها گوزارشتە نمونەییەکانی هیوا قادر وایکردووە سروشت ببێتە بابەتێکی بەردەوام و، فۆرمێکی ڕۆحی وەردەگرن، ئەمەش وادەکات ئەو وێنانەی لە شیعرەکاندا دەیبینین تایبەتمەندیەکی خودیان پێوە دیاربێت. گشت فیگۆرەکان لە قەسیدەی سێوی سوردا بە جۆرێکی تر

دەردەکەون و، وێنە شیعریەکان بە جۆرێکی جیاواز گوزارشت لە هەر فیگۆرێك دەکەن، بەڵام قورسای سێو زیاترە. بەوەی دەبێتە ناونیشای قەسیدەکە و دواتر سەرجەم شیعرەکان ئەو ناونیشانە کۆیاندەکاتەوە، لێرەوە ئاماژەیەك دروست دەبێت بۆ سەنتەر بوون و باڵای ئەم فیگۆرە، کە هیوا قادر مەبەستیەتی بە شێوەیەکی جیاوازتر ڕاڤەی بکات لە ئەزمونی خۆیدا، هەرچەندە ئاماژەکان زۆر کورتن و ئەمە وایکردوە نەتوانین زۆر فراوان قسە لەسەر ئەو فیگۆرە بکەین لە قەسیدەکەدا، بەڵام بە پێچەوانەوە سیزان بوارێکی فراوانتری دروست کردووە، جگەلەوەی بەردەوام لە تابلۆکاندا دوبارە دەبێتەوە، چەند تابلۆیەکی تایبەت دەبینین لەسەر سێو، گەر هەموو تابلۆکان وەر بگرین ڕەنگە هاوسەنگی لە باسەکەمادا نەمێنت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەردەوامییەی لە تابلۆکاندا هەیەتی ئەو باوەڕەمان لا دەچەسپێنێ سیزان بۆ شتێکی جیاواز دەگەڕێت لە سێوەکاندا، وەگەرنا میوەکانی تریش لای سیزان دەردەکەون، بەڵام تایبەتر سێو.

نابێت نکوڵی لەوە بکرێت بونی ئەو ناوەندگەرایی و پێدانی ئەو باڵاییە بە سێو پەیوەستە بەو هێزەی لە کاریگەری و مانەوە لای مرۆڤ هەیەتی، دەتوانێت ئاماژەی جیاواز بگەیەنێت و خۆگونجێنە لە بار و سەردەمە جیاوازەکاندا، بەجۆرێك ئەو گومانەت لا دروست دەکات بەڕاستی ئەو شتێکی تایبەت و خاوەنی هێزێکی جیاوازە، یاخود خۆی ئەو توانایەی تێدایە تایبەتمەندی زۆرتری هەبێت و چیرۆکی جیاواز دروستدەکات و کاریگەری زیاتر جێدێڵێت، چ لە فۆرم و چ لە ڕەنگدا ئەوە بەرجەستە دەکات و بە ڕەنگە جیاوازەکانیەوە(سور، زەرد و سەوز) سێ ڕەنگی سەرەکی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و، بەمەش ئێنرژیەکی زیاتر لە خۆ دەگرێت. هیچ کام لە میوەکان بێ ناوەرۆك و بێ جوانی نین هەریەك لەوان بە فۆرمێکی جیاواز و ڕەنگێکی تایبەتەوە حیکمەتی بەشێك لە بوونمان پێدەڵێت، بەڵام سێو لە سروشتدا وەك فیگۆرێکی بەهێزتر دەردەکەوێت، ئەو سروشتی ناچار کردووە سێ ڕەنگی پێببەخشێت و بیکاتە خاوەنی فۆرمێکی زۆر تایبەت، بۆیە ئاساییە گەر خاوەنی ئێنرژیەکی باڵاش بێت، هەر ئەمەش وادەکات لە زۆر بابەتی ژیانی مرۆیی ئامادەیی هەبێت و ئاسان خەیاڵ داگیر بکات و حیکایەتی جیاوازی هەبێت.

زۆرینەی هونەرمەندان و ئەدیبەکان باس لە کاریگەری سروشت دەکەن بۆ ئایدیاکانیان، ئەمەش لەو پەیوەنییەوە دروست دەبێت کە لە نێوان ئەوان و سروشتدایە و، هەروەها ئامادەیی هەر فیگۆرێك لە زۆر دیاردەی جیاوازی بووندا ئەو پەیوەندییە پتەو تر دەکات، جگەلە فۆرمی ئیستاتیکی سروشت کە سەرنج ڕاکێشترین بینراوە. بۆنمونە هیوا قادر خۆی باس لەو کاریگەریە دەکات و دەڵێت: (هەمیشە هەستێکی بەرایم هەیە بۆ سروشت. هەستێك وەك وەرگرتنی هێزێك وایە بۆبیرکردنەوەی بەردەوام و تێڕامان. بۆ سەر لە نوێ دارشتنەوەی شتە بچوکەکان لە ڕێگەی شتە بچوکەکانەوە.)[5] ئەم پەیوەندییە بە ڕونی لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەبێت، زۆرجار شێوەی ئاسایی تێدەپەڕێنێت و بە باڵاکردی سروشت دەبینین.

سیزانیش بۆ پەیوەندی خۆی و سروش دەڵێت: (من نامەوێت کۆپی سروشت بکەم، بەڵکو دەمەوێت نمایندەو نمایشکاری سروشت بم)، هەروەها پێیوایە سروشت دەتوانێت هەموومان بدوێنێت، لە ڕاستیدا سیزان توانیویەتی شیکاری سروشت بکات و تایبەتمەندی و بالایی پێ ببەخشێت، بۆ ئەمەش پشتی بە ڕەنگ و ڕوناکی بەستووە، خوڵقاندنی نمونەی هونەری لە فۆرمی پتەو و بالادا زیاتر تواناکانی دەرخستووە[6]. بۆیە هەرشتێك سیزان دەیکێشێتەوە (کێوەکان بەرد و درەخت و سێوەکان و پەرداخ و پارچەکان) لە دیدی ئەودا ئیدی تەنها شتێکنین بۆ کێشانەوە، بەڵکو بەهۆی فۆرم و ڕەنگەوە لە ڕیتمی وێناکردندا گۆڕاون و، یاسا ناوەکی و شاراوەکانی هەموو دیاردەکان ئاشکرا دەکەن[7]. ئەو شێوازە هونەرییەی بەکاری هێناوە لە کێشاندا یارمەتیداوە شتێکی نوێ پێشکەش بکات، هونەرەکەی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی هونەرمەند دەتوانێت گوزارشتێکی قوڵ ببەخشێتە کێشانی ڕوئیاکانی بۆ جیهان، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێباوەڕێکی دیاریکراو یان ئەفسانە، یاخود هەر ئامانجێکی کۆمەڵایەتی باو. لە هونەری سیزاندا ڕەگەزی مرۆیی و کەسیی پوخت دەبینرێت ئەمەش ماددەیەکی تەواوە بۆ تایبەتمەندی ڕێز و گەورەی لە هونەردا، هەروەها بە ڕونی هەست بەوە دەکرێت دەسبەرداری ئایدیا و بیرکردنەوەکانی پێش خۆی بووە سەبارەت بە دیاردەکان[8]. ئەم دیدە تایبەتەی سیزان بۆ شتەکان وایکردوە نزیکەی(25)جار فیگۆری سێو ببێتە ناوی تابلۆکان لە ناویاندا تابلۆی (سێوەکان، سێوی سەوز، حەوت سێو و چوار سێو)[9] سەربەخۆن و لەوانی تردا هاوپێچی ناوێکی تر کراون بۆنمونە(سێو و پرتەقاڵ، و...) هەروەها چەند دانەیەکیشیان لە ژێر ناوی (still life and apple) نزیکەی(5) جار لە چەند ساڵێکی جیادا کێشراونەتەوە. ئەم دوو بارەیی و فرە دەرکەوتنە شتێکی بێزارکەرنییە، چونکە سیزان لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان و وێناکردنی بابەتەکاندا زۆر هەستیاربووە، و بە فۆرمێکی نوێ و ڕیتمێکی تێکدراو وێنەی سروشتی کێشاوەتەوە و لە ڕەهەند و گۆشە دووبارە و دژەکانەوە[10]، ئەمەش وادەکات کارەکانی وەك نمونەیەکی تایبەت لە کێشانەوەی سروشتدا سەیر بکرین، لەگەڵ هەر کێشانەوەیەکیش شتێکی نوێی خوڵقاندووە.

تابلۆی سێوەکان بە قەبارەی(27×19سانتی) بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس کێشراوە[11]،




پێکهاتوە لە ڤیگۆری حەوت سێو هەریەکەیان بە ڕوێکدا پیشان دراراون بە ئاراستە و قەبارەی جیاواز، بە هۆی شێوازە تایبەتەکەیەوە هەرسێ ڕەنگی (سور و زەرد و سەوز) دەردەکەون، بەڵام سور ڕەنگی زاڵە جیاوازی لە قەبارەی فیگۆرەکاندا دەبینرێت بە جۆرێکی ئەندازەیی هاوتایی دروستکراوە لە نێوایاندا بە چەشنێك لە یەکەم بینیندا بینیەر هەستدەکات قەبارەیان یەکسانە.

سێوی سەوز پێك هاتووە لە فیگەری چوار سێو دووانیان قەبارەی گەورە و دووانیان قەبارەی بچوك، لەگەڵ کێشانی چەند گەڵایەك بەدەوریاندا و کەوتوو لە تەنیشتیان، ڕەنگی سەوز لەم تابلۆیەدا زاڵە لەگەڵ بەکارهێنانی سێبەر و ڕوناکی بۆ بەرجەستەکردنی هەندێك لە فیگۆرەکان، سێبەری فیگۆرەکان تۆخە و فۆمی شێواویان هەیە و ئالۆزە. ئەم تابلۆیە لە هەموو تابلۆکانی تری سیزان تایبەت ترە بە جۆرێکە بینەر لە بەردەمیدا هەست بەوە دەکات سییزان دەیەوێت لەم تابلۆیەیدا زۆرشتمان پێ بلێت، ئەم تابلۆیە ڕاڤەیەکی جیاوازی پێیە جیاواز لە هەموو دەرکەوتنەکانی تری فیگۆری سێو لای سیزان، زیاتر هەڵگری

خەسڵەتی هزرییە و مامەڵەی بوون دەکات لە پنتێکدا قوڵ دەبێتەوە، بینەر لە بەردەم ئەم تابلۆیەدا زیاتر لە هەرشتێکی تر هەست بە بوون بکات، ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی ڕەنگ و سێبەر و ڕوناکیەوە تا دەگات بە فۆرمە جیاوازەکان دروست بووە و، تەکنیکی هونەری ئەم تابلۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە سێوی سەوز دەیەوێت شتێك لە بوون پیشانبدات.


تابلۆی: سێوی سەوز

تابلۆی چوار سێویش پێك هاتووە لە چوار فیگۆری قەبارە جیاواز هەرسێ ڕەنگەکە (سەوز، سور و زەرد) بەکار هاتووە و ڕەنگی سور زاڵە، بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی سەوز و زەرد زیاترە بەهەردووکیان بە ئەندازەی ڕەنگی سور دەبێت، بە جۆرێك ئەم تابلۆیە وا دەردەکەوێت سیزان بەدوای هاوسەنگیەکەوە بێت لە سروشتدا، هەرچەندە گومانی ئەوە لای بینەر دروست دەکات ئایا ئەمە تابلۆیەکی سەربەخۆیە یاخود درێژکراوەی ئەوانی ترە یان ئەزمونی خۆئامادەکردنە بۆ تابلۆیەکی تایبەت. ڕەنگە لەمانەدا ناڕونییەك هەبێت




، بەڵام ئەو سایتە ئەلکترۆنیەی ئێمە پشتمان پیٚ بەستوە هەموو ئەم تابلۆیانـەی وەك کـارێکی سـەربەخۆی سیزان لە پۆلێنی (still life) داناوە بێئەوەی ئاماژە بۆ شتێکی لەو بابەتە بکات.




تابلۆی حەوت سێو جیاواز لەوانی تر ڕەنگی سور تێیدا کەمتر دەردەکـەوێت، ڕەنگـە زەردەکـان بـە جۆرێـك دەردەکەون وەك ئەوەی ڕوناکی تیشکێکی سور کەوتبێتە سـەریان، ڕەنگـی سـەوزێکی تـۆخ بـەکار هـاتووە جیاواز لە ڕەنگی تابلۆی (سێوی سەوز)، ئەوەی لێـرەدا جیـاوازە نزیکـی قـەبارەی فیگۆرەکانـە و هـەروەها سێبەری سیٚ فیگۆر بە تەواوی دەردەکەوێت وسێبەری دوانیشـیان نناتـەواوە، بـە جۆرێـك دانـراون شـێوەی ژمارە حەوتی ئنگلیسیان بـە هەڵگـەڕاوەیی هەیـە و بـە تـەواوی جیـاواز لـە تـابلۆی سـێوەکان پیشـاندراون،

ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە کێشانەوەی هەر تابلۆیەکدا سیزان مەبەستێکی تایبەتی هەبووە و، لە ڕێگەی هەریەکێکیانەوە بیرۆکەیەکی تایبەتی خستۆتە ڕوو.

سیزان توانیویەتی بەتەواوی ویستی خۆی لە تابلۆکاندا بەرجەستە بکات، بە چەشنێك کاتێك بینەری تابلۆکانین هەست بە ئەو ڕۆحیەتە دەکەین کە ویستویەتی لە تابلۆکاندا پیشانی بدات، وێنەیەکی نمونەیی بەو جۆرەی لە ڕوانینی خودی خۆیدا بووە پیشان دەدات، وەك ئەوەی ویستی پێدانی ئایدیایەکی نوێ بێت بەو فیگۆرەی کە بە درێژای مێژوی مرۆڤایەتی هەڵگری ئایدیای جیاواز بوون، ئەم جیاواز ڕوانینە بەتایبەت لە سێودا ڕەنگیداوەتەوە، تابلۆکان تەنها ئەوەندەمان بۆ دەهێڵنەوە بڵێن سیزان ویستویەتی دیدێکی نمونەی پیشانبدات لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە بەتایبەت لەوەدا کە سێو تێکەڵدەکات بە زۆر شتی جیاوازی ژیان، وێنەیەکی تری بۆ دروست دەکات بە جۆرێك ڕاستەوخۆ بینەر هەست بەوە دەکات فیگۆری سێو لای سیزان دورە لە واتا کلاسیکی و باوەکان و گوزارشت لە شتێکی تردەکات، هەریەك لە فۆرم و ڕەنگ و سێبەرەکان ئەوەمان پێدەڵێن سیزان ویستویەتی ڕوانینێکی تازە بۆ ئەم فیگۆرە پیشان بدات، ئەویش ئەو پەیوەندییە قوڵەیە کە سێو لەگەڵ ژیان هەیەتی، لێرەوە وردەکاریەکانی ترمان پیشاندەدات، لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە پێمان دەڵێت ئیرادەی ئەم فیگۆرە بەجۆرێکە توانای کۆکردنەوەی دژەکانی هەیە، دەتوانێت جیاوازیەکان لەیەك کاتدا پیشان بدات.

لە قەسیدەی سێوی سوردا بەرکەوتنمان لەگەڵ دیاردەیەکی جیاوازدا دەبێت، لای هیوا قادر سێو هەڵگری ئایدیای کلاسیك و مۆدێرنیشە، لە هەرشوێنێکدا سێو ببێتە بابەت تایبەتمەندی خۆی هەیە و نمایندەی ئایدیایەکە، بەڵام لە سێوی سوردا شتێکی تر دەبینین.لەگەڵ ئەوەی لە قەسیدەکانی تردا بە شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت لە قەسیدەی (پێغەمبەری ئاو) کاتێك لەگەڵ ئاو دەدوێت دەڵێت: (سێوێکت پێکرماندم لە جادوو..)[12] سێو دەباتەوە سەر نەسلە جادوویەکەی و هەمان وێنەی بۆ دروست دەکات، هەروەها لە چەند وێنەیەکی تردا تێکەڵی دەکات بە (قەپ و خرمە و خواردن)، بەڵام لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەی شیعرییەوە خەیاڵ زاڵتر دەکات لە واقع، بە جۆرێك (قەپ و خرمە تێکەڵ بە قاقا و زەردەخەنە) دەبن کە سێو وەزیفەیەکی تر وەردەگرێت وەك بەشێك لە خوڵقێنەری پێکەنین و خۆشی دادەنرێت، لە هەمان کاتدا دژیەکیەکی ئیستاتیکی بەم وێنانە روستکراوە لە نێوان (خرمەو قەپ و قاقا و زەردەخەنە) ئەوەی سەنتەرە بۆ کۆکردنەوەی هەریەك لەمانە بریتییە لە سێو، (لە جێ قەپی بە جێماوی سێوە لاسوورەیەکدا، ماڵی زەردەخەنەیەك دەدۆزمەوە بۆ پشوو)ل 58، (لە جەنراڵێك دەچم، کە وەسوەسەی داگیرکردنی دنیا، لە خرمەی داکرماندنی سێوێکدا دەبینێ و قاقا پێ دەکەنێت)ل 64، (تازە من لە جنسی ئینسانێك نیم کە خرمەی قەپاڵێك سێو نەتوانێت بیخاتە پێکەنین) ل 83، لە هەریەك لەمانەدا سێو سەنتەرەو خوڵقێنەری دیاردەکانی ترە و، بەهۆی ئەوەوە دروست دەبن.

بەكار هێنان و تێكەڵبوون بە سروشت وادەكات لە هەندێ شوێندا بەر وێنە باوەكەی سێو بكەوین كە بریتییە لە سیمبولی عیشق (وەك پێستی سێوە لاسورە دەسوتێ، ڕوومەتم لە تای عەشق)ل 65 لەگەڵ ئەوەی ئایدیایەكی كلاسیكی و باو دەخاتە ڕوو، بەڵام بە وێنەیەكی تازەو جیاواز پیشانی دەدات و سوری لایەكی سێو دەباتەوە بۆ تای عیشق، وێناكردنێكی نوێ دەكاتەبەر ئایدیای كلاسیك و وای پیشاندەدات سێو تەنها سیمبولێك نییە بۆ عیشق، بەڵكو لە خودی خۆیدا عاشقە، ڕەنگی سوری ڕوومەتی خۆی دەباتەوە سەر ئەو سوریەی سێو هەیەتی بە تای عیشق ناوی دەبات. جیاواز لە مانە لە قەسیدەی (ئەورۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەكەم دەدات) وێنەیەكی ئایدیالی بۆ سێو دروست دەكات، سەرەڕای ئەوەی تەنهای خۆی پێ دەچوێنێت دەیباتەوە بۆ بابەتێكی وجودی (بە تەنها وەك سێوێك بەردەبمەوە و بە تەپەی كەوتنە خوارەوەم كرمێك لەخەو هەڵدەستێنم وپێی دەڵێم ببورە هاوڕێم سەرەی تۆیە)ل 77، كەوتنە خوارەوە و بەخەبەر هێنانی كرمێك ئاماژەیەكی ئەوپەڕی شاعیرانەیە بۆ (مەرگ )، لە تەنهاییەوە دەچێت بۆ كەوتنە خوارەوە بێ درێژ دادڕی و هێنانی وێنەی زیادە دەڵێت كرمێك لەخەو هەڵدەستێنم ئەم وێنەیەش دەبێتە نمایندە بۆ ئێمە تا لە خەیاڵی خۆماندا ئەوە تەواو بكەین پاش لەخەو هەڵسانی كرمەكە چی ڕوو دەدات(لە ڕاستیدا ئەوە ئیشی شاعیر نییە بێت باس لەوە بكات سێوەكە دەڕزێت چونكە كەوتۆتە خوار و كرمەكە دەیخوات) ، وجودیەتی ئەم وێنە شیعریە لەوە دایە كە دەڵێت( ببورە هاوڕێم سەرەی تۆیە) ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ مەرگ نزیكە لە بیری بونگەراییەوە، ئەو دێڕەش بەم چەشنە بۆ مەرگ دەڕوانێت ئەوەشمان بیر نەچێت سێو لەم وێنە شعریەدا نمایندەی (مـن)ی گێڕەرەوەی تەنهایە، هەروەها ئەم وێنە شیعریە نزیكە لە بیری (دۆنادۆن) گواستنەوەی ڕۆح لە ئەوە بۆ كرمێك.

لە هەنێك شوێندا هیواقادر لە ڕێگەی سێوەوە وێنەیەكی سادەی ژیان پیشان دەدات، ئەركە سادەكەی خۆی پێدەداتەوە كە خواردنە (عەرەبان چییەك سێوێك دەكات بەدەم ئەسپێكەوە)ل 86، لەم دێڕەدا جگەلە سادەترین وێنەی ژیان شتێكی تر نییە. هەریەك لەم گوزارشتانە بەشێكن لە ئایدیای شاعیر بۆ ئەم فیگۆرە، لە قەسیدەی سێوی سوردا دەیگەیەنێتە لوتكە.

وەك ئاماژەمان بۆكرد سێوی سور شتێكی جیاواز دەڵێت هەرچەندە ژمارەیەكی زۆر لە دیاردە سروشتیەكان دەردەكەون وەك چۆن (لای سیزانیش بەهەمان شێوە) بوو، بەڵام سێو بەجۆرێكە شتێك لە باڵای و تایبەتمەند تر دەردەكەێت. ناونانی قەسیدەكەو دواتریش كۆمەڵە شیعرەكە دەلالەتی ئەوەیە، جگەلەوەی سوێند خواردن بە سێو جەختی لێدەكرێتەوە لە چەند جێگەیەكدا و تا كۆتای شیعرەكەش دیسان جەختەدەكاتەوە لەوە. لە شیعرەكەدا (چوار جار بە سێوێكی سور سوێند بخۆ) دووبارەدەبێتەوە لە كاتێكا هیچ كام لە فیگۆرەكانی تر دوبارە نابنەوە، ئەمەش وەك بەڵگەیەك بۆ پێدان باڵایی بەو فیگۆرە تا لە كۆتایدا بەم چەشنە(تەنها بە سێوێكی سوور، بە سێوێكی سوور سوێند بخۆ)ل 70 ـك هبەمووږرد

سوێندەکانی تر گومان لە دڵیدا بێڵێتەوە تەنها سوێند خواردن بە سێوی سور ئەو گومانە نەهێڵێت، ئەمەش زیاتر دەچێتەوە سەر دیدی هیوا قادر بۆ سێو و تێپەڕاندنی ئایدیای کلاسیکیەکانە و، وێنەیەکی خودی پێ دروست دەکات، بەجۆرێك گوزارشتێکی هێند تایبەتبێت ببێتە موڵکی شاعیر. (بە سێوێکی سور ماڵەکەم پڕپکەرەوە لە شەوقی خۆشەویستی شەو، تیماری کە زەخمی من لە چوکڵەی ئەستێرە بارین و شکانی پارچەکانی مانگ). ل 66

دەبینین سێوی سور تەنها ئاماژە نییە بۆ خۆشەویستی، لێرەدا وەك سیمبولێك بۆ گێڕانەوەی شتە لە دەست چوەکان بەکار هێنراوە، وەك حەکیمێك لێی ڕوانراوە تا شتەکان چاك بکاتەوە، یاخود دووبارە بیان گەڕێنێتەوە. ئەگەرچی ئەم سیفەتی حەکیمی بەخشینە شتێکی باوە بۆ سێو، بەڵام شاعیر شتێکی نوێی پیدەبەخشێت، لای ئەو سێو حەکیمێك نییە بۆ گێڕانەوەی ساغلەمی، بەڵکو حەکیمێکە بۆ هێنانەوەی هێزی جوانی. هەر بەمەشەوە ناوەستێت ئاستێکی کەسی دەدات بە سێو کاتێك باس لەوە دەکات لەگەڵ (فروغ و سپهریدا) دەبنە میوانی هێنانی ئەم دوو ناوە بۆ باسکردنە لە ئیستاتیکای چرکە ساتێکی شاعیرانە و هیوا قادر دێت لەم چرکە ساتەدا سێو بەشداری پێدەکات و، ئامادەی سێو کەمتر نابینێت لە ئامادەی دوو لەو شاعیرانەی نمایندەی جوانین، ئەمەش وادەکات هەمان هێزی جوانی ببڕێتە باڵای سێو. (بە مەرگی من و تۆ کە لە سەعاتەکاندا چرکە چرکیەتی سوێند بخۆ، کە لەگەڵ سێوێکی سوردا، لەگەڵ فروغ و سپهریدا ئێوارەیەکی پەمەی دەبیتە میوانی من)ل 67.

ئەوەی ئەم قەسیدەیە لە هەموو کارەکانی تری هیوا قادر جیادەکاتەوە ئەو باڵایی بەخشینەیە بە سروشت، لەو کاتانەی شاعیر حوکمدەکات بۆ پێدانی فۆرمێك بە فیگۆرێك ئەو حوکمە دەبێتە وێنەیەك لای خوێنەر بەردەوام و زیندو دەمێنێتەوە کاتێك باوەکان تێدەپەڕێنێت و دەچێتە فۆرمێکی جیاوازەوە، لەم قەسیدەیەشدا خوێنەر بەر هەمان شت دەکەوێت، ئەو فۆرمە جاویدەی بەخشراوە بە سێو بەردەوامی لە زهنی خوێنەردا دروست دەکات، جگەلەوەی خودی شاعیر بەوە دەناسرێتەوە ناتوانین بێ ناوهێنای (سێوی سور) باس لە هیوا قادر بکەین، ئەمەش بۆ ئەو فۆرمە تایبەتە دەگەڕێتەوە کە سێو لای ئەو هەیەتی و، هەروەها لەگەڵیدا چیەتی و جەوهەرێك لەو فۆرمە دەبیین، ئەمەش وایکردوە ئەو قەسیدەیە زەمەن تێپەڕێنێت و لە خەیاڵی خوێنەردا زیندویی هەبێت.

لەم ڕوانینانەوە بۆمان دەردەکەوێت لای هەریەك لە (پول سیزان و هیوا قادر) سێو فیگۆرێکی تایبەتە، ڕوانینی تایبەتیان بۆی هەیە و هەریەکەیان توانیویەتی بە پێی تایبەتمەندی ژانرەکەی ئایدیایەکی نوێ پیشان بدات لە فۆرمێکی جیاوازدا گوزارشت لە یەکێك لە فیگۆرە باوەکان بکات و، شتێکی تازە بخاتە سەر

ئەوەی کە هەبووە، چیرۆکێکی ترمان بۆ بگێڕنەوە و باوەکان تێبپەڕێنن و بەدەر لە ڕوکەش قسە لەسەر جەوهەری فیگۆرێك بکەن و لەوەوە واتایەکی تری سروشتمان پیشان بدەن.

## پەراوێزەکان

✣ still life: به واتای سروشتی بێدەنگ یاخود سروشتی بێگیان لە سەرچاوە عەرەبی و فارسیەکاندا وەرگێڕاوە، بەڵام لە فەرهەنگی هونەریدا، بەواتای وێنە کێشانی هەر شتێکی بێگیان هاتووە، (dictionary of art, p326 A.A. Mohajeri:)، ئەم ناونیشانە پێشگری کۆمەڵێك کاری سیزانە کە لە سەر سروشتە، تابلۆکان وەك گروپێکیان لێهاتووە بەو ناوە ناسراون.

[1] – جیمز هال: فرهنگ نگارهای نمادها در هنر شرق و غرب، چاپ دوم، 1383، ل 295.

[2] – وەرگیراوە لە فەرهەنگی دیوانی شاعیران(نالی، سالم، کوردی)، د. محەمەد نوری عارف، چاپی دووەم،دەزگای ئاراس هولێر،2009 ل 584-585.

[3] – بیندیتۆ کرۆچە: چەمکەکانی جوانناسی، و: سەربەست خەسرەو عارف، دەزگای سەردەم، 2010، ل 31.

[4] – بوشرا کەسنەزانی: حیکمەتی ئێمە گریان بوو بە دیار وشەوە!، گۆڤاری ئایندە، ژ 86، 2009، ل 55.

[5] – هیوا قادر: ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە(کۆمەڵە دیدار)، چاپخانەی یاد، سلیمای 2009، ل 93، 94.

[6] موسی الخمیسي: اللون والحرکة فی تجاریب تشکیلیة مختارة، الطبعة االاولی، المدی، 2008، ل 106، ل 107.

[7] – ساندرو بکولا: هنر مدرنیسم، ت:روینپاکباز و....، فرهنگ معاصر، تهران، 1387، ل 118.

[8] – أعلام الفن الحدیث، ترجمة و اعداد فخری خلیل، طبعة الاولی، 2005، ل 65.

[9] – سەرجەم زانیاری تابلۆکان وەرگیراوە لە http://www.wikipaintings.org/en/paintings-by-style/post-impressionism#artist-paul-cezanne

[10] – موسی الخمیسی: اللون والحرکه فی تجاریب تشکیلیه مختاره، ل 107.

[11] – وەرگیراوە لە: – ساندرو بکولا: هنر مدرنیسم، ل 117.

[12] – هیوا قادر: سێوی سور، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004، ل 34. لێرە بەدواوە بۆ شیعرەکان تەنها ژمارەی لاپەڕە داددەنین لە بری پەراوێز.